کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-9-2007 15:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمیتەی هاوکاری پارتە کوردستانیەکان لە وولاتی نەرویج سەلاوتان لێ بێت چما ئیوە ماون؟ وامان زانی خۆتان هەڵوەشاندۆتەوە بۆیە دیار نین لە کۆڕە کوردیەکان. ... باوکی شازاد

خوێنەرانی بەڕێز پێتان سەیر نەبێت کە بۆچی مانشێتی ڕاپۆرتەکەم بەو شیوە نوسیوە، ئەوەی کە نوسیومە هەر هەمووی ڕاست ودروستە وامەزانن ڕێپۆرتاجێکی خەیاڵیە تانها حەقیقەتم بۆ نوسیون، ئێمە لە نەرویج دەژین بەڵام لە شاری ئۆسلۆ نین چەند کاتژمێرێک لە پایتەختەوە دورین پێش ماوەیەک ئێمێڵێکمان پێ گەیشت لە لایەن گروپی کوردی دژی بە ڕەگەز پەرستی کە کۆڕێکیان ئامادە کردوە بۆ کاندیدە کوردەکانی نەرویج کە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بەشداری دەکەن منیش زۆر بە گرنگم زانی کە بەشداری لەم کۆڕە بکەم وە لە نزیکەوە ئەو بەڕێزانە بناسم کە خۆیان هەڵبژاردوە، تەلەفۆنم کرد بۆ لێپرسراوی کۆڕ بۆ ئەوەی بزانم کێ ئامادە دەبێت بە سوپاسەوە پێی ڕاگەیاندم کە کۆمیتەی پارتە کوردستانیەکان هەر هەموویان داوەت کراون لە گەڵ 200 کەسیش تەلەفۆنیان بۆ کراوەو ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە لە کات و ساتی دیاری کراو ئامەدەبن زۆر دڵخۆش بوین کە ئەوە یەکەم جارە جالیەی کورد بەم شێوەیە باشداری بکات وە من پێش نیو کاتژمێر ئامادەبووم، کات بوو بە پێنجی تەواو کە کاتی دەست پێ کردنی کۆڕ بوو 6 لە کاندیدە کوردەکان و 4 لە کاندیدە نەرویجیەکان لە گەڵ 2 کۆڕگێڕ بەشدار بوون ئەوانە لە ڕیزی پێشەوە بەبێ کەموو کوڕی ئامادە بوون بەڵام با بزانین جەماوەری کۆڕەکە و پارتە سیاسیەکان چەند ئامادە ببوون لە کۆی 3000 کەسی کورد کە لە شاری ئۆسلۆ دەژین، بێجگە لە دایک و باوکی کاندیدێک و 2 کەس لە خزمەکانی و ئێمەش بە هەر هاموو مان لە دەست پێکردنی کۆڕەکە هێندەی کاندیدەکان و کۆڕ گێڕەکان ئامادە ببوین واتە 12 کەس بەبێ زیادەو نەقوستان واتە هێندەی ژمارەی یاریزانانی تیپێکی تۆپی پی لە گەڵ یاریزانێکی سپێر واتە ئیحتیات لەم هۆڵە گەورەیە کە جیگای پتر لە 200 کەس ئامادە کرابوو تەنها ئەوەندە کەسە لەوی بوون، باشە ئایە ئەوە هەستی کوردایەتیە لەم هەموو خەڵکە کوردەو ئەو هەموو پارتە کوردستانیە ئەوەندە کەسە بێنە ئەو کۆڕە گرنگ و مێژوییە، بەڵام پیاو هەق بڵێت نوێنەری یەکیتی و وا بزانم یەکگرتوی ئیسلامی و 2 کەسیش لە پارتەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان ئامادە بوون بە داخەوە نازانم کێ بون لەبەر ئەوەی نەمدەناسین کە لە گەڵ ئەوانیش ئینجا ژمارەمان نە گەیشتە 20 کەس، کەچی دەبینم کۆمیتەی پارتە کوردستانیەکان بەیانێکیان دەر کردوە داوا لە خەڵک دەکەن بچن دەنگ بدەن بە کاندیدە کوردەکان بە مەرجێک خۆیان نەهاتوونە لەکۆڕێکی چەند کاتژمێری بەشداری بکەن کە ئەو ڕۆژە کەس خۆزگەی بە ئێمەی کوردانی نێو هۆڵەکە نەکات هەر هەموومان هەستمان بە لاوازی کورد دەکرد بەرامبەر ئەو میوانانەی نەرویجی کە ئەوانیش زۆر بە پەرۆشەوە هاتبوون، باشە ئێوەی پارتە کوردستانیەکان بە چی هەقێک داوا لە خەڵک دەکەن بەناوی پارتە کوردستانیەکان بێن بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵام دیارە ئێوەش ناهەقتان نیە کاتێک کە ئەندامێکی بەرزی پارتە کوردستانیەکان کە بۆ کە یفی خۆیان دێنە ئەوروپا بۆ پشوو کات بردنە سەر بەزۆری کۆڕیان بۆ دەگێڕن بە سەدان خەڵکیان لێ کۆ دەبێتەوەو وێنەیان لە گەڵ دەگرن وادەزانن کاکی مەسئول چەند تاپۆیەکی ئامادەکراوی زەوی لە ناو گیرفانیەتی بەسەر خەڵک دابەشی دەکات نازانن هەر ئەوەندە تاکوو لێرەن کەسی وەکوو ئێمە دەناسن دەبڕۆوە بزانە لە کوردستان دەتوانی پێ بخەیتە ناو بارەگاکەشی سەد جاریش بڕۆ هەر پێت دەڵێن لێرە نیە یان کۆبونەوەی هەیە، باشە بێیت لە کۆڕێکی هەڵبژاردن بەشداری بکەیت کە چەند کەسێکی لە خۆ بووردو دەیانەوێت خزمەتێک بگەیەنن بە خەڵکی تاراوگە باشترە یان بۆ کۆڕی لێپرسراوێک بچیت، دیارە ئێمەی کورد هێشتا زۆرمان ماوە بگەین بە خەڵکی پێشکەوتوو ئەگەرنا لەم هەموو حەشاماتەی خەڵک لە ئۆسلۆ خوا تەمەن دریژیان بکات لەوەش زیاتر بن چۆن دەبیت ئاوا بێت، خۆ ئەگەر تەنها

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پارتە کوردستانیەکان خۆیان و 5 کەس لە ئەندامەکانیان ئامادە بونایە هۆڵەکە پتر لە 100 کەسی بەخۆیەوە دەبینی، لە هەمووی سەیر تر ئەوە بوو پاش کۆڕەکە وەکوو جاری جاران کە خەڵکی گوندەکان دەچونە شار دەبوایە کەبابیان بخواردایە ئێمەش وەکوو ئەوانمان لێ بەسەر هاتوە کە بچین بۆ ئۆسلۆ دەبێ سەردانی ماڵە کوردیەکان بکەین بۆ کەباب خواردن، بەڵام کاکە لە گەڵ سەرمان کرد بەژووری مەڵبەندە کوردیەکە سەیرمان کرد چی حەشاماتێک خەڵک لەوێ کۆ بۆتەوە هەندێک بۆ نانخواردن هەندێکی تر بلیاردیان یاری دەکردوو هەندێک لە چاوەڕوانی دابوون هەندێکیش بۆ کات ڕابواردن لە گەڵ هاوڕی کانیان دانیشتبوون هۆڵەکە دەجما لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە، لە دڵی خۆمدا ووتم باشە بۆ ئێمە ئەو کۆڕەی هەڵبژاردنمان لە یەکێک لەو مەڵبەندە کوردیانە ساز نەدا خۆ ئەگەر کەسییش داوەت نەکرابوایە بەبێ پارتە کوردستانیەکانیش دوو ئەوەندە خەڵک لێرە ن هەر بۆ خۆیان ئامادە دەبوون، دیسان دەیڵێمەوە بەداخەوە بۆ کوردەکانی ئۆسلۆ خۆزگە بەم شێوەیە قەت نەمدیبان ئێوەش پارتە کوردستانیەکان بەسیەتی من ناڵێم واز لە حیزبایەتی بێنن وەرن با هەموومان کوردایەتی بکەین ئینجا حیزبایەتی ئەگەر قسەکانم ڕاست نیە فەرموون وەڵامم بدەنەوە ئەگەر نا دەبی داوای لێبوردن لە کاندیدەکان بکەن باشترە لە بەیاننامە دەرکردن و داوا لە خەڵک کردن بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن. بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.